هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٣) لە ٢٠١٩/٨/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤) لە ٢٠١٩/٨/٧، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** پێویستە هەموو ئەو لایەن و کەس و کۆمپانیایانەی کە ملکەچی پێدانی باجن، بڕی باجی ساڵانی پێشوو و بڕە پارەی دواکەوتن و پێژماردن کەڵەکەبوو لە ئەستۆیان لەبەر ڕۆشنایی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان بدەن بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بەپێی تایبەتمەندیی.

**دووەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان:

١. ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتەبەر لە بەرامبەر سەرپێچیکردن لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم بڕیارە لەبەر ڕۆشنایی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.

٢. چاوخشاندنەوە و پێداچوونەوە بە یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی و ڕێبەرەکانی تایبەت بە باج لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات لەسەر بنەمای دادپەروەری و ڕەچاوکردنی بژێوی و داهاتی تاک و پێویستە ڕێگری بکرێت لە خۆدزینەوە لە پێدانی باج، و ڕاگرتنی هەر لێخۆشبوون و داشکاندنێك لە باج کە بەدەر لە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان بەخشرابن.

**سێیەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران